# (حیکایەتەکانی دەریا... حیکایەتی دووەم) ... ئارام قەرەداغی

Aram_qaradaghi@hotmail. com
www. kurdistannet. us/aram



1
من بیرەکانی فۆکۆم بۆ دەخوێندەوە
ئەو میکاڤیلیانە ڕەفتاری دەکرد
من بەجوانترین شێوە
خۆم بۆ دەشکاند
ئەو توند توند چاوە کاڵەکانی دەنوقاند
2
کە مەهجورم
تەنیام لەکزە بای ئێوارانیش
ئەو ئێوارانەی
دوای سێبەری ئەو سەرابانە دەکەوتم

کەزینە بەچاڵ کران
هانا بۆ کێ بەرم
بێ ئەمەلم لەخۆری بەیانیانیش
ئەو بەیانیانەی
کە ڕەش بگیری ئەو هەموو مەلانەیان دەکرد
قات وقڕییە قات و قڕی لەمەل سارایەدا
هەر لێرە نۆتەی ئاوازیان
لەزیهنی پەپولەدا سڕییەوە
ئەری شەیتانێك نیە
تا دەستی گوناهی لەگەلا تێکەڵ کەین
فریشتە یەك نیە
فێری سەرە تاکانی گوناهی کەین
3
بەڵێ ئەزیزم
هەر دەمەو بەیانی تالانیان کردم
هەرچی عاتیفەم هەبوو
هەموویان لیدزیم
هەر لەدوایئەو تالانیەوە من بوومە کەلاوە و
بەدیوارە کانی ناخیشمەوە
ڕۆژ ژمێرێکیشم هەڵنەواسی
نەوەك ڕۆژی یادی ئەو تالانیە بکەمەوە